# هەشت ساڵ لەمەوبەر، تیرۆریستانی هزر ژەنگکرتووی سەدەکانی جەهالەت،

## دوو سەرکردەی جەماوەری خۆشەویست هاوڕێیان (شاپور عبدالقار و قابیل عادل)یان لێ تیرۆرکردین



هاوڕێی گیانبختکردوو شاپور عبدالقادر
١٩٩٨-١٩٦٧



هاوڕێی گیانبختکردوو قابیل عادل
١٩٩٨-١٩٦٧

جێگاورێگای کۆمەڵایەتی و سیاسی و خوشەویست بوونی قابیل و شاپور، لە نێو ئاوارەکان، کرێکارانی لەسەر کار و بێکار، ئافرەتانی ستەمدیدە، لاوانی بێبەش لە ژیانێکی هاوچەرخانەی سەردەم، نەک هەر دەستەڵاتدارانی نیگەران کردبوو، بەڵکو تەواوی گروپە ئیسلامیە تیرۆریستەکانیشی هەراسان کردبوو. هەر بۆیە دوای دانانی پلانێکی ترسنۆکانە یان و دورلەهەر ڕەفتارێکی مرۆڤایەتی، لەژێر دەستەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ١٩٩٨/٤/١٨ لەشاری هەولێر تیرۆرکران.

نیگەران بوون لەوەی کە بڕێک ئازوقە بەدەست بهێنن بۆ سکی برسی و ماڵە ساردو سڕەکانی ئاوارە بێپەناکانی نێزک کۆشکی پەرلەمان و بارەگا ڕازاوەکانی پارتە دەستەڵادارەکان و ئەو مەزگەوتانەی کە بەردەوام لە لایەنیانەوە پەخشی بیروباوەڕی کۆنەپەرستی و فتوادان بۆ

تیرۆرکردنی قەڵەم بەدەستەکانی بیری ئازادیخوازی و هەڵسوڕاوانی چالاکی بوارەکانی خەباتی یەکسانیخوازی نێوان ئافرەتان و پیاوان بوون.



## ئاوارەیی



نیگەران بوون لەوەی کە بەهێزی بێشوومار و لەبن نەهاتووی لەشکری بێکاران، کە سەرتاپای ئەو وەڵاتەی گرتبووەوە، بتووانن برێک لەو سەروەت و سامانەی کۆمەڵگا کە لەلایەن سەرکردایەتی و بنکردایەتی سەرانی پارتە دەستەڵادارەکانی کوردایەتیەوە تاڵان دەکرا، دەدزرا و ئاودیوی ئەودیو سنورەکان دەکرا و ..تاد. بەدەست بهێنن و تاکو چەند پرۆژەیەکی ئابوری بۆ ژێرخانی گۆمەڵگا بکرێتەوە و رێژەیەکی دیاریکراویش لە بێکاران بخرێنە سەرکار.

### خۆپیشاندانی (کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان) لە هەولێر

زۆر نیگەران بوون لەوەی کە ئافرەتان هوشیار بکرێنەوە و فێری بەشداریکردنیان بکەن لەبزوتنەوەیەکی چەماوەری ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بۆ بەدەست هێنانەوەی سەرجەم مافە زەوتکراوەکانیان و، بەشداریکردنیان لەبەڕێوبردنی ئەرکەکانی کۆمەڵگادا.

بەڵی ئێچگار نیگەران بوون لەوەی کە  مناڵ لەجیاتی عەلاگەفرۆشی و جگەرەفرۆشی لەسەر جادەکان و شاگردفیتەری لە شوێنە میکانیکێکان کە بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێ، بنێردرێنە بەرخوێندن و هەمووان لە ژیانێکی شایستە بەهرەمەندبن.

نیگەران بوون لەوەی کە لاوانی کوردستانیش بێبەش نەبن لە شوێنە گشتێکانیان بۆ بەسەر بردنی کات و ژیانی لاوێتی و تەمەتوعکردن لە ژیانێکی هاوچەرخانەی سەردەم  بە بێ سانسۆڕی دوواکەوتووانە و ..

ئاخر سەرانی ئیسلامیە تیرۆریستەکان گەورەترین قازجانج و بەرژەوەندی سیاسیان لەوەدا بووە و هەیە کە رێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئاوارە و دەربەدەر بن، کە هەروەکو خەڵکێکی زۆر لە کوردستان، لە وەڵاتی خۆیاندا ئاوارەکرابوون.

بۆ ئەوەی هەر کەوچکێک لەبەرانبەر دوو ڕکەعات نوێژ و، قاپێک چوار و، بەتانێکیش دە. ئەگەر بڕێک ئازوقەشیان بدایا، ئەوکات مەرجەکان زیادی دەکرد لەبۆ حیجابکردنی ئافرەتان و هێشتنەوەی ڕیشی پیاوان.

مەگەر لە ئەنجامی بێکاری و نەبوونی هیچ جۆرە بیمەیەکی بێکاری و کۆمەڵایەتی نەبوو لە کوردستان کە سەرانی گروپە ئیسلامیەکان بەو پارە و پولەی کە لەلایەن ڕژێمە تۆتالیتار و تیرۆریستەکانی وەکو ئێران و سوعدیە و باقی شێخەکانی تری ئیسلامەوە بۆیان ڕەوان دەکرا، خەڵکیان پێدەکڕی و سەرمایەی سیاسیان پێ کەڵەکە دەکرد؟ مەگەر لەئاوها بارودۆخێکدا نەبوو کە وەکو پارتە دەستەڵادارەکان، ئەو هەلەیان دەقۆزتەوە لەبەرانبەر چەکدارکردن و هێشتنەوەی ڕیش و دانەدەستی دەسبیحی درێژ بۆ وەتنەوەی وتە خورافێکان و پڕکردنی بارەگا حیزبێکانیان و حوجرە دینەکان لە لەشکری بێکاران؟!

ئیسلامیەکان، بۆ ئەوەی نیوەی کۆمەڵگا بە ئەسیری و ژێر دەستەیی بهێڵنەوە و ڕێگایان لێبگرن لە هەر هەوڵ و کۆششەیەک بۆ گۆڕینی یاسای تاکەکەسی ڕژێمی بەعس، کە لە لایەن دەستەڵادارانی ناسیۆنالیزمی کوردەوە، بە غیابی حکومەتی بەعس لە کوردستان، کاریان پێدەکرد و نەک هەر چاوپۆشیان دەکرد لە کوشتنی ئافرەتان لەژێر ناوی ناموسپەرستی، بەڵکو بەپێ مادەی (غسل العار) هیچ کەسێک بە بیانوی پاراستنی شەرف و ناموسەوە، هەر تاوانێکی دژی (هاوسەر، خوشک، دایک ) ئەنجامبدایا، نەک هەر لێپرسینەوەیەکی لەگەڵدا ناکرا، بەڵکو دەستخۆشیشی لێدەکرا. بەڵێ ئەوان هەر هەوڵ و تەقەلایەک لەبۆ گۆڕینی ئەو یاسایانە، بەکوفر و دژایەتیکردنی ئاین و خوایەکەی خۆییان دەزانی بە ئاشکرا و نهێنی هەوڵی تیرۆریستانەی خۆیان دەخستەگر بۆ مانەوەی ئەو یاسا و شەریعەتی ژنکوژە.

ئیسلامیەکان، نەک هەر خوازیاری تاریکترین ژیان و چارەنوس بوون بۆ لاوان، بەڵکو وێڕای ئەوەی کە لاوانی کوردستان لە زۆربەی هەرزۆری ئیمکاناتی تەرفیهی سەردەم بێبەش بوون، بەڵکو بەکردەوە، لەهەوڵی دەقاندنەوەی ئەو گازینۆیانەدا بوون، کە لاوان بۆ یاریکردنی بلیارد و کاغزی کۆنکان و تاوڵە و سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانێکان سەردانیان دەکرد. خەڵکی کوردستان شاهیدی ئەوەن کە گروپە ئیسلامیەکان جەندین گازینۆ و باڕ و ئارایشگاکانی ئافرەتانیان تەقاندۆتەوە.



بارودۆخی ئابوری دەیەیی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، بارودۆخێکی ئێچگار سەخت و دژوار بوو. خەڵکی ئەوە ئیمکاناتەی کە لە دەیەکانی پێشوترەوە پێکێانەوە نابوو، لەو دەیەیەدا بەپێچەوانەوە، دەیانفرۆشەتەوە تاکو خەرجی ڕۆژانەیانی پێدابین بکەن. بۆیە لەئەنجامی ئەو بارۆدۆخە سەختەدا، نەک هەر کرێکاران، مامۆستایان، کارمەندان و.. لە پاش کارەکانیان ناچار بوون و ئەگەر هەبووایە کارێکی تریان دەکرد، یان کاری دەستفرۆشیان دەکرد لەسەر جادەکان، کە ئەوەش دەبوە مایەی سۆکایەتیپکردنێکی زۆر لەلایەن ئاسایش و پۆلیسەوە. بەڵکو ناجار بوون

بەدەرکردنی مناڵەکانیشان لەقوتابخانە و ناردنیان بۆ بازاڕە بێڕەحمەکانی کاری دەستفرۆشی و شاگردیتی. بەڵام دیسانەوە تیرۆریسان ئەو هەلەیان دەقۆزتەوە و لەبڕی دانانی مانگانەیەکی دیاریکراودا، مناڵانیان دەبردە مزگەوت و حوجرەکانی خۆیان و دەرسی جنۆکەو شتی خورفیاتیان فێردەکردن. لەئەنجامی ئەو بارودۆخە سەختەدا، وێڕای ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە خڵکیان فێری فەسادی و گەندەڵیکرد، لەهەمان کاتدا، نەوەیەکی تازە، بەبیروباوەڕی کۆنەپەرستانە و تیرۆریستانەی خۆیانیان پەروەردەکرد.

هاوڕێیانمان، (قابیل عادل و شاپور عبدالقادر) ئەو دوو سەرکردە بەرچاوڕۆشن و جەسورەبوون، کە بەدژی هەموو ئەو نامرۆڤایەتیانەدا، لەبەرانبەر دەستەڵاتدارانی سەرکوتگەر و ملهوڕ و، کۆنەپەرستان و تیرۆریستانی ئیسلامیدا، وەکو قەڵایەکی بەرز و پتەوی چەوساوەکان و تەواوی بێبەشانی کۆمەڵگا، ڕادەوەستانەوە و خەباتیانکرد تاکو دواهەناسەیان، لەسەنگەر ڕابەرایەتیکردنی وەیست و داخوازیەکانی چەماوەری زەحمەتکێشیدا بوون. سەرئەنجام، لە بەراواری ١٩٩٨/٤/١٨ دا دەستی چەپەڵی تیرۆریستانی ئیسلامی، هەڵسابەتاوانی تیرۆرکردنیان.

**هەزارن سڵاو لەگیانی پاکی هاوڕێیان شاپور عبدالقادر و قابیل عادل و سەرجەم گیانبختکردووانی ڕێگای ئازادی و یەکسانی مرۆڤایەتی.**

**بەڕێوبەرایەتی زووری ئازدی و یەکسانی لە پاڵتاک**

**١٦/٠٤/٢٠٠٦**

پێوەندی: **Azadi_yeksani@yahoo.com**